KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-6-2007 14:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چاوەڕوانی ... گەشاوە جاف

ئەی بەدی هێنەری ئاواتە خەوتووەکانم
دەدەرکەوە ئەی بنیات نەری زیانی ڕوخاوم
دەدەرکەوە چاوەروانیت زامێکە هەردەم سارێژ نابێ
گریانم بۆ دیدارت دەریایەکەو قەد ووشك نابێ
دەدەرکەوە لەئا سۆی بڵندی ژیانی پڕئازارم
دەدەرکەوە ئەی بەهێزکەری زیانی لێ بێزراوم
چاوەروانیت چاوەروانیت بۆ تە خەنجەر ئەی برِێ
لەت لەتی ئەکات گشت بەشەکانی گیانم
چاوەروانیت بۆتە خەمی دونیای بێ شوومارم
ئەی خاوەن دەستەلاتی هەتایی
تاکەی جاوەروانی تۆبم
تاکەی دلگرانی تۆبم
تاکەی دونیام تاریك ئەکەیت
تاکەی رێگام رۆشن ناکەیت
ئای کە زاڵمە دڵت چۆن بەم چۆرە کاولم ئەکات
ئای کە بێ ڕۆحی بۆمن چۆن دڵت قبوڵ دەکات
هەناسەی سارد و تەنهای بەجۆرێ تەنگیا داوم
کە هەردەم بە تۆوە بەندبێ زیانی پڕلە زهراوم
زەهراوێکە هەرگیز نەمدەزانی وایە
تاڵاوێکە لە جاوەروانی بێ ئومێدی بۆ تۆی بێ ئاگایە

لەندەن ٢٠٠٥

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.